محەمەدی مشیر:

# کوردستان پێویستی بەریفۆڕمێکی ریشەیی سەرتاسەریی هەیە



محەمەدی مشیر

* کاتێک چەمکی ریفۆڕم دەبێتە مایەی مشتومڕ و باسی گەرمی نێو هەر گۆمەڵگەیێک و دەنگی چاکسازی لێرەو لەوێ ، لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بەرزدەبێتەوە ، ئەمە رێک ئەوە دەگەیەنێ کە بنەما و پایە بنچینەییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە چیتر ناتوانن جەوابگوی پێداویستی و داواکارییە بنەڕەتییەکانی ئەم قۆناغەی تاک و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بن، کەواتە بەرزبوونەوەی دەنگە ریفۆڕمخوازەکان بەو مانایە دێ کە ئەو کۆمەڵگەیە لە گەڵێ کایەو بواردا دووچاری کۆمەڵێ پەتا و نەخوشی کوشندە بوتەوە و بەبێ گۆڕین و نوژەنکردنەوەیان ناتوانێ چارەسەریان بکات .

* پێم باشتربوو پرسیارەکەتان ئەوە بووایە کە کوردستان لە چ بوارێکدا پێویستی بەریفۆڕم نییە ؟ چونکە لەم حاڵەتەدا وەڵامەکە سوکترو ئاسانتر دەبوو، بەڵام کاتێک بمانەوێ باس لە کێشەو قەیرانە سەرەکییەکانی کوردستان بکەین ، لە بەر زۆری و ئاڵۆزی کێشەکان باشترە لە وەڵامدا بڵێین ، کوردستان پێویستی بەریفۆڕمێکی ریشەیی سەرتاسەر هەیە ، ئەنجامدانی ئەمەش بەهەڵتەکاندنی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییە .... کۆنانەی کۆمەڵگە

دەگاتە بەرهەم کە ڕێگرن لە بەردەم پروسیسی ریفورمدا، بەمەرجێ دوای هەڵتەکاندنی بونیادە ژەنگگرتووەکان سەرلەنوێ لە بەر ڕۆشنایی پرۆژەیەکی گۆڕان و چاکسازی پێشکەوتووخوازانەدا تەواوی کەناڵە قەیراناوییەکانی کۆمەڵگە بنیات بنرێتەوە و چاکسازی ریشەییان تێدا ئەنجامبدرێت . زۆری و ئاڵۆزکاوی کێشەو قەیرانەکان لە کوردستاندا هۆکاریان زۆرە کە بەشێکی زۆریان وەک بۆماوە لە رژێمی دیکتاتوری بەعسەوە بەمیرات بو ئێمەی کوردستانی ماونەتەوەو، بەشێکی گرنگی دیکەشیان دەگەڕێنەوە بۆ عەقڵییەتی ئامادەخوازی خودی خۆمان ، عەقڵییەتێک کە پێویستە سەرلەنوێ لە روانگەی هەستەوەرەکانەوە هەنگاو بەرەو چاکسازی و گۆڕان بهاوێژێت نەوەکو لە روانگەی ئەو وێنا ئامادانەی کە پێشتر لە هزر و زەینیدا بوونیان هەبووە ، ئەمە لایەنێکی گرنگی کێشەکانە و لایەنەکەی دیکەش ئەوەیە کە ئێمەی کوردستانی لە پێشدا گەرەکە لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن و رۆشنبیری و هوشیارکردنەوەدا هەنگاوی دەسبەجێ و بەپەلە بهاوێژین بەو ئاراستەیە کە نەوەیەکی چاوکراوە و بوویری لێ بێتە بەرهەم کە دواروژ لە ئاست جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قۆناغەکانی دواتردا بتوانێ هوشیارانە هەڵگر و گوێزەرەوەی پەیامی پرۆسێسی گۆڕین و ریفورمی کۆمەڵایەتی بێت .

* بەڵێ ، بەرێگاو میکانیزمی ریفۆرم دەتوانین چارەسەری بەشێکی گرنگی قەیران و ئاستەنگەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بکەین لە واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، چونکە ریفۆرمیش لەراستیدا بەشێکی گرنگی گۆڕانی ریشەییە ، یان هەنگاوێکی بەراییە بۆ پرۆسیسی گۆڕینی ریشەیی، بەڵام گرنگتر لەمە ئەوەیە کە لە خۆمان بپرسین ، کامانەن ئەو هێزانەی سەرپەرشتی پرۆسێسی ریفۆرم دەکەن لە کوردستاندا ؟ رۆشنە کە هەر هێز و لایەنێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی لە پەنجەرەی بۆچوون و روانینە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە پرۆسێسەکە، بۆیە جۆری ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە – سیاسییە لە دەرەنجامدا دەستنیشانی جۆری ریفۆرمەکەش دەکات، ئەمەش کردەیەکی ماتماتیکی رووت و رەها نییە کە (١ +١ ) بکاتە (٢ )، رەنگە لە بواری زانستە پراکتیکیەکاندا ئەمە تا رێژەیەکی زۆر دروست بێت ، بەڵام لە بواری گۆڕینی کۆمەڵ وکۆمەڵناسیدا ئەمە مەرج نییە بەهەمان شێوە بێت ، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەگەری زیاتری چەندایەتی و چونایەتی بەخۆیەوە دەبینێ و ناکرێ مرۆ بەچاوێکی رەهای بەرواڵا و میکانیکیانە تێیبڕوانێت، ئەوەی لە بواری زانستە پراکتیکییەکاندا دروستە مەرج نییە بەهەمان ئەندازەو کتومت لە بواری زانستە مروییەکانیشدا دروست بێت.

* ئەو بکەرو کارەکتەرانەی توانای ئەنجامدانی پروسەی ریفۆرمیان هەیە ، هەمیشەو لە هەر قۆناغێکی مێژوییدا ئەو هێزو لایەنانەن کە بەحوکمی پێگەی بەرزی هوشیارییان زووتر درک بەپێویستی گۆڕین دەکەن ، ئەو توخمە بزۆزو چالاکانەن کە لە پێشەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە ئالای ریفۆرم و گۆڕینی بەردەوام بەرزدەکەنەوە، ئەو هێزە مێژوویەن کە رەوتی پێشکەوتن و گەشەکردنی بابەتییانەی کۆمەڵگە لە برگەیەکی دیاریکراوی مێژوییدا دەیانسەپێنێ وگومی مەندو وەستاوی کۆمەڵگە دەشڵەقێنن و چیتر قەبوڵی وەستان و چەقینی ناکەن، ئەمانەن دەتوانن رابەرایەتی هێزەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی بکەن و بەرەو گۆڕین و ریفۆرمی ببەن،

بەڵام وەک لایەنی کەم لەم قۆناغەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانیدا دەکرێ سوود لەو توێژە پسپۆرو تەکنۆکراتانە وەربگیرێت کە لە بوارە جیاجیاکاندا شارەزاو کارامە و لێهاتوون ، ئەمەشیان ئەو کاتە دێتە دی کە" کەسی شیاو لە جێگەی گونجاودا دەستبەکار بێت "، واتە لەم قۆناغەدا وەک لایەنی کەمی پێویست دەسەڵاتی کوردستانی ناچاربکرێت لە ڕێگەی فشارو پەستان و جەختکردنەوەی بەردەوامی کۆمەڵانی خەڵکدا دەستگاو دامەزراوە حکومییەکان پاک بکاتەوە لە کەسانی گەندەڵ و ناشایست و نەهێشتنی تەزکییەی حزبی و خزم خزموکێ و لابردنی کونە بەعسی و تەواوی ئەو کەسانەی تا دوێنێ لە بەرەی دوژمندا دژ بە بەرژەوەندە باڵاکانی گەلی کوردستان دەجەنگین.

* فراوانی یاخود بەرتەسکی ئەو رووبەروو پانتاییەی دەسەڵات دەیبەخشێتە خەڵک نەک هەر لە کوردستانی ئێمەدا، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا پابەندە بەو ئاستەی کە دەسەڵات تا چەند خەڵک بە سەرچاوەو مەرجەعی حوکمی خوی دەزانێت ، ئا لێرەوە بۆمان بەدیاردەکەوێت کە ئایا شوێنێک هەیە بو ریفۆرم ، بەواتایەکی تر ڕاددەی دیموکراسیبوونی دەسەڵات جێ و شوێنی ریفۆرم و جۆری ریفورم و چەندایەتییەکەیان بو دەستنیشاندەکات. ئیدی لە کوردستانی خوشماندا لای کەس شاراوە نییە کە ساڵانێکی دوور و درێژە ئێمەی کوردستانی لە سەردەستی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی شوڤێنزمی نەتەوەی سەردەست و عەقڵییەتی کلاسیکی هێزو لایەنە دەسەڵاتدارەکانی ناوخوی کوردستان راهێنراوین کە هەمیشە بەهەمان پیکی ئەوان ئاوازەکان بژەنین ، ئەمەش بەومانایە دێ کە دەسەڵاتی کوردی لەڕاست جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی خەڵکدا سەرسورماو وەستاوە و پرۆژەیەکی ئەوتوجیاوازی پێنییە سەبارەت بەگۆڕینی بونیادە کۆن و چەقبەستووەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی و هەمان تێزە کۆن و کلاسیکییەکانی بەرێوەبردن وحوکمکردن دەگرێتە بەر بەمەش پێش لە پتەوبوونی پەیوەندی و متمانەی نێوان دەسەڵات و خەڵک دەگرێت کە لە ئاکامدا دوزی رەوای کوردستانیش زیانێکی مەزنی پێدەگات ئەگەر دوخەکە وەک ئەوەی ئێستا درێژەی هەبێ و بەردەوام بێت.

* لەمپەر و بەربەستەکانی پێش هەر پروسەیەکی چاکسازی هەمیشە و لە هەر قۆناغێکدا هەمان ئەو هێزانەن کە خوازیاری مانەوەی دوخەکەن وەکو خوی ، هەمان ئەو هێزە کونەپەرستانەن کە بەنەگۆڕانی دوخەکان مانەوەی خویان مسوگەر دەکەن، کوردستانیش لەم بوارەدا نەک هەر بێبەش نییە ، بەڵکو هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی فرە هەن، (چ دەسەڵاتدار چ لە دەرەوەی دەسەڵاتدا ) ، کە ناخوازن ئەو ریفۆرمە ئەگەر هەبێت سەربگرێت.

* ئەگەر ریفۆرم دەستپێبکات پێگەو پایەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە ژەنگگرتووە داخراوانە دەهەژێ و دنیا بەسەر سەریاندا خەراب دەبێت ، بەڵام دواتر بەجێلەقبوون و نەمانی ئەوان ، دەکرێ بەشێوەیەکی جوانتر و شارستانیانەتر دنیایەکی مروڤانەتر و پشت ئەستوور بەدادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و سەروەری یاسا تا بکرێ جیاوازییە چینایەتییەکان کەمتر بکەینەوە ، ئەمەش خەون نییە، لە هەمان کاتدا ئاسانیش نییە، بەڵکو ئامانجێکی سەرەکی و هەرە لە پێشی هەر پروسەیەکی گۆڕین و چاکسازی پێشکەوتووخوازانەیە گەر مەبەستمان بێت ئەنجامی بدەین.